# بەعس و بەدر

حەمەسەعید حەسەن

ئەهلی کتێب بە مانای جوولەکە و گاور دێت، کەچی ئەهلی قەڵەم بە مانای نووسەر و شاعیر دێت. یەکەم پەیڤ کە خودا بە جوبرائیلدا بۆ محەممەدی هەنارد، وشەی بخوێنە (إقرأ) بوو، پازدەیەمین وشەی یەکەمین سوورەتیش، قەڵەم بوو،(الذی علم بالقلم.) مەرج نییە هەموو وشەیەک شیاوی خوێندنەوە بێت، مەرج نییە هەموو وشەیەکی جوان، بوێر بێت، وەلێ هەموو وشەیەکی بوێر، هەم شیاوی خوێندنەوەیە و هەم جوانیشە. دەسەڵاتداران لە وشەی جوانی بوێر، دەترسن، نەک لە وشەی دزێوی بێشەرم. شمشێریش وەک دراو، شتێکی کاتییە، ئەوی بە نەمریی دەمێنێتەوە، پەیڤی جوانە، ئەوە بۆیە شمشێر و دراوداران، زەندەقیان لەو خاوەنقەڵەمانە چووە کە وشەی بوێر دەنووسن.

(ماو) گرێی (لۆلیتا)ی هەبوو، پێی خۆش بوو هەمیشە بە لەشکرێک لە کچی جحێڵ ئابڵووقە درابێت، گرێی من ئەوەیە، پێم خۆشە بەردەوام وشەی جوان لە سەروەختی سەمادا ببینم. نووسین لە کن من سەمایە، کە هونەرمەندانە دەرەقسم، هی ئەوەیە، وشەکانم بێجگە لە سانسۆری ویژدانی خۆم، نە هیچ پێوەندێک لاقی بەستوون، نە دەست بە زنجیرن و نە کۆت لە گەردن. نووسین نهێنیی هەبوونی منە و ئازادانە دەنووسم، نە کۆیلەی ئەم دەسەڵاتم، نە گوێڕایەڵی ئەو حیزب و نە دیلی بەرژەوەندی تایبەتی، ئەوە بۆیە دەربڕینەکانم هێندە کاریگەر و سەرنجڕاکێشن، ئەوە بۆیە زمانم هێندە تیژە. جیاوازیی نێوان نووسەر و هەڵەوەڕ ئەوەیە، ئەمیان زمانی تیژە و ئەویان زمانی پیس.

*

یەکەمین کۆبوونەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠٠٥/٦/٤دا، لە هەولێر بەسترا، هیچ نوێنەرێکی هیچ باڵێکی شیعەی لێ نەبوو، کەچی کە ڕێکخراوی بەدری مەقاشی دەستی شیعە، لە ٢٠٠٥/٦/٨دا، لە بەغداد کۆنگرەی دووەمی دەبەستێت، تاڵەبانی دەچێت و هێندە زێدەڕۆیی لە پەسندانی ئەو تازەڕێکخراو و کۆنەفەیلەقەدا دەکات، وەک باس، باسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت! ئەوی نازانێت فەیلەقی بەدر چییە، با موجاهیدینی خەڵق، وەبیر

خۆی بهێنێتەوە، ئاخر وەک چۆن موجاهیدینی خەڵق، داردەستی بەعس بوو، فەیلەقی بەدریش کوتەکی سەربەبزماری دەستی ئێران بوو. کە عێراقییەک لە تاو جەوری (بەعس) بەرەو ئێران هەڵدەهات، لەوێ دەکەوتە ژێر زوڵمی (بەدر)ەوە. بەدر چونکە دەستکردی ڕژێمی ئێران بوو، ئێران نەک هەر تۆپ و تانک، تەنانەت هەلیکۆپتەری جەنگییشی پێ بەخشیبوو، بەڵام مارینز بەعسی ڕووخاند و سەربازێکی فەیلەقی بەدر پێی نەنایە خاکی عێراقەوە! کەچی تاڵەبانی وا دەپەیڤێت، وەک داستانی ئازادکردنی عێراق، بە خوێنی بەدر تۆمار کرابێت. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان بەعس و بەدردا هەبێت، مەگەر تەنیا ئەوەبێت، ئەمیان بە (عس) کۆتایی دێت و ئەویان بە (در.)

*

من پەرلەمانی کوردستان، چونکە نوێنەری هەڵبژێردراوی زۆربەی خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمانەکەمانە، بە شەرعی دەزانم، بۆیە ڕێز لە بڕیارەکانیشی دەگرم. ئەوی زۆربەی پەرلەمانتێران لەسەری ڕێک بکەون، نەک هەر بڕیارێکە و پێویستە جێبەجێ بکرێت، بەڵکوو زۆر جار یاسا و تەنانەت دەستووریشە و دەبێت ملکەچی بین. لەم ڕوانگەیەوە، چونکە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە سوێندیان خوارد، لە نێوان (گەل) و (گەڵ)دا، (گەڵ)یان پەسەند کرد، (گەڵ)یان گوت و (گەڵ)یان بە ڕاست زانی، ئیدی منیش لە داهاتوودا، لەهەر نووسینێکمدا، پێویستم بە وشەی (گەل) هەبوو، (گەڵ) دەنووسم.

پەرلەمانتێرانی کوردستان کە (گەل)یان کرد بە (گەڵ،) بەوە هەڵەیەکی دیرۆکی و (باو)یان ڕاست کردەوە، ئاخر ئەوان باش لەوە دڵنیان، کورد هێندەی پارێزگاریی لە (گەڵ) کردووە، نیو هێندەی لە (گەل،) یان لە خاک کردبا، کوردستان لەمێژبوو، ڕزگاری ببوو. کورد کە بەڵێن دەدات پارێزگاری لە (گەل) بکات، دەشێت بە ڕاستی نەبێت، بەڵام بێ ئەوەی هیچ پەیمانێکی دابێت، هەمیشە ئامادە بووە پارێزگاریی لە (گەڵ) بکات، لە پێناوی (گەڵ)دا خۆی بە کوشت بدات و لەسەر (گەڵ،) بە پاساوی سڕینەوەی شەرم و کڕینەوەی نامووس، خوێنی ئەم و ئەویش بڕێژێت.

2005. 06. 12